**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ١٢٣٢ لە ٢٠٢١/١/٣١**

## بڕیاری ژمارە (٨٩)ی ساڵی ٢٠٢١

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٠) لە ٢٠٢١/١/١٣، بڕیاردرا بە:

**یەکەم:** ڕاسپاردنی وەزارەتەکانی (دارایی وئابووری ، سامانە سروشتیەکان ، بازرگانی وپیشەسازی ، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو )و (دەستەی وەبەرهێنان ) بۆ پێداچوونەوەی سەرجەم لێخۆشبوونی گومرگی و باج و ڕەسمی نا گومرگی کە دراون بە پرۆژەکان لە چوارچێوەی یاسا پەیوەندیدارەکان ، بەڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە

١- دەبێت لێخۆشبوونی گومرگی و باج و ڕەسمی نا گومرگی بۆ ئەو پرۆژانەی کە مۆڵەتی وەبەرهێنانیان هەیە یان مۆڵەت وەردەگرن لە بەر ڕۆشنایی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ بێت .

٢- دەبێت لێخۆشبوونی گومرگی و باج و ڕەسمی نا گومرگی بۆ ئەو پرۆژانەی کە مۆڵەتی وەبەرهێنانی پیشەسازییان هەیە یان مۆڵەت وەردەگرن لەبەر ڕۆشنایی و یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی بۆ کەرتی تایبەت و تێکەڵاو کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان بێت .

٣- پێویستە لێخۆشبوونی گومرگی و باج و ڕەسمی نا گومرگی تەنها بەپێی پێداویستی و قەبارەی ڕاستەقینەی پرۆژەکە بێت کە مۆڵەتی هەیە ، و بەپێی لیستی وردەکاری چەندێتی و جۆرێتی پێداویستی فیعلی پرۆژەکان کە لەلایەنی تایبەتمەندەوە پەسند دەکرێت بە مەرجێک تەنها بۆ مەبەستەکانی پرۆژەکە بەکاربهێنرێت ، بەپێچەوانەوە ئەو لێخۆشبوونانە نایانگرێتەوە و وەبەرهێن ناچار دەکرێت کە ڕەسمی گومرگی و باج و ڕەسمی نا گومرگی بدات و دوو هێندەش سزای دارایی لێ دەستێنرێت .

٤- دەبێت بەپلەی یەکەم کەرەستەی خاوی خۆماڵی کە لە هەرێمدا چنگ دەکەوێت و بۆ کوالێتی پرۆژەکە بەکەڵک دێت ، بەکار بهێندرێت و هاوردەکردنی کەرەستەی خاو سنووردار بکرێت .

٥- هەڵوەشانەوەی سەرجەم ئەو لێخۆشبوونانەی کە ماوەی یاسایی لێخۆشبوونیان تەواو بووە و دەبێت لە ڕێکەوتی کۆتایی پێهاتنی ماوەی لێخۆشبوونەکەوە ملکەچی پێدانی ڕەسمی گومرگی و باج و ڕەسم بن .

٦- ڕاگرتنی هەر جۆرە لێخۆشبوونێکی گومرگی و باج و ڕەسم کە ساغ دەبێتەوە کە بە نارەوایی بەناوی پرۆژەوە بەنایاسایی سوودی بازرگانییان لێوەرگیراوە ، و هەڵوەشانەوەی دەستبەجێی لێخۆشبوونەکە و جێبەجێکردنی ڕێکاری یاسایی پێویست لەبەرامبەر سەرپێچیکاران .

**دووەم :**سەبارەت بە نووسراوەکانی وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەتی فیدراڵی بۆ لێخۆشبوونی گومرگی و باج و ڕەسمی ناگومرگی کە لە ڕێگەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا ئاراستەی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێن ، ئەوا بەپێی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان لە هەرێمی کوردستان مامەڵە دەکرێن لەلایەن لیژنەی پێکهاتوو بەپێی بڕگەی (سێیەم)ی ئەم بڕیارە .

**سێیەم :**پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتمەند بەسەرپەرشتی نوێنەرێک لە (سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران) و ئەندامێتی نوێنەری وەزارەتەکانی (دارایی وئابووری ، پلاندانان ، سامانە سروشتییەکان ، بازرگانی وپیشەسازی ، کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو) و (دەستەی وەبەرهێنان) بۆ جێبەجێکردنی مەبەستەکانی ئەم بڕیارە و بەخشینی لێخۆشبوون لە ڕەسمی گومرگی و باج و ڕەسم لەدوای دەرچوونی ئەم بڕیارە ، و ئەم لیژنەیە ڕاپۆرتی خۆی لە ڕێگەی نووسینگەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەخاتە بەردەم سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ بڕیاری کۆتایی .

**چوارەم:** سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن .

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**